
عەباس شـــــوان



# ئەنتـــــــی
# ســـــانســـوور

کوردستان نێت

ناو :ئەنتی سانسوور
بابەت : كورتە بابەتی هەمە جۆر
نووسەر : ع.شوان
وێنە : سمكۆ ئەحمەد
تایپ : .........!
ساڵ : ٢٠٠١
نرخ :
چاپخانە:
شوێن : Finland
ISBN:

## ڕوونکردنەوەیەکی پێویست :

**ئـەم ووردە نووسـینە سەرەمقەسـت ئاسـایانە زیاتـر بابـەتی ئیسـتیهلاکی ڕۆژانەی ڕۆژنامەوانییە لە ماوەیەکی دوورو درێژ کە هەندێکیان بۆ ناوەڕاستی سالأنی حەفتاکان دەگەڕێتەوە نووسـیومە یان ئامادەمکردووە, بە تایبەتی لە دوا لاپەرەی هەفتەنامەکاندا بلأومکردونەتەوە.**

**لێـتان ناشـارمەوە ئەو تێکستیانە ئێستا لەبەردەستایە وەك ئۆرژینالەکانی نـاو بلأوکـراوەکان نـین, بـەڵکوو دەسکاریم کردوون, کورت و پوختتر کراون. هەندێکیشیان لەگـەڵ کورتـیاندا قسەوباسـی بـەدوای خـۆدا هێناوە, یان چەند جار لە چەند شوێندا لە دەرەوە و ناوەوەی ولأت بلأوبوونەتەوە.**

**ژمارەیـەکی زۆریـان لـە دوای ڕاپـەڕینی ئـازاری سـاڵی ١٩٩١ ی باشـووری ولأت ناسـراو بـە کوردسـتانی ئێـراق, کـە بـە گشـتی پێنووسـەکان سـانووریان لەســەر نــەمان و ڕۆژنامــە و گۆڤــار و بلأوکــراوەی هەمــەجۆر و هەمــەرەنگ دەستیان بە دەرچوون کرد , بلأوکردۆتەوە بە پێویستی دەزانم ئاماژە بە ناوی هەندێکیان بدەم:**

**ڕێـگای کوردسـتان, ئـاڵای ئـازادی, کوردسـتانی نـوێ, ڕێـبازی ئـازادی, ئـەدەبی کرێـکاری, ولأت, بـرایەتی, هاوکـاری, بـیری نـوێ, پـەیام_لـەندەن, چراخان_سوید, سایتی کوردستانی ئەمرۆ, رزگاری ....**

## کام سەردەم ؟

ڕۆژنامەنووسێ بە خاتوو **لووسی** هونەرمەندی شانۆ و سینەمای **میسری**، وت کـە سـەرقالی دەوربیـنین بـوو لـە سـریالی تەلەفـیزیۆنی ( **ئەرابیسـك** )ی نووسەری بەناوبانگ( **ئوسامە ئەنوەر عکاشە**) :

– نووسـەر سـەردەمی **جەمال عەبدولناسـر** مـەدح دەکـات و ڕەخـنەیش لـە سەردەمی **ئەنوەر سادات** دەگرێ ... تا چەند لەگەڵ ئەو بۆچوونەدا دێیتەوە؟

– *هـیچ لـە سیاسـەت تێـناگەم، نـازانم لە سریالەکەدا چی دەگوزەرێ و چ بیرۆکەیەك دەردەبڕێ؟!*

– باشە، ئەی وەك شاهیدێ، هیچ جیاوازییەك لە نێوان ئەو دوو سەردەمە هەست پێکردووە؟

– *ئەوەندەڕ بیرم بێ، لەسەردەمی ساداتدا دزان فرە زیادیان کرد.*

## بێ ئاگا !

گـەورە ئەکـتەری **فەرەنسـایی** ( **ریموند راگنون**) لەکاتی کردنەوەی فێرگەی تایبەت بۆ ئەو بەهرەمەندانەی لە بواری نواندندا کار دەکەن، وتی:

*_ تێـبینی ئـەوەم کـردووە کە ئەکتەرە ناودارەکان بە ژن و پیاویانەوە لە بواری ڕووناکـبیری گشـتیدا کـەم بەهـرە و نیمچـە خوێـندەوارن گـیانی غـرور و خۆپەسـەندییان بەسـەردا زاڵ بـووە! بـۆ پڕکـردنەوەی ئـەو کەلێـنە پێویسـتە*

***فەرەنسا*** *بیرێکی جیدی لەدوارۆژی ئەو هونەرمەندانە بکاتەوە, بەتایبەت نەوەی نوێ .*

لە **فەرەنسای** مەڵبەندی شارستانی و کەلتووری هونەریدا ئەوە حاڵی هونەرمەندان بێ, ئەی حاڵی هونەرمەندانی لەمەڕ خۆمان ئەبێ چۆن بێت ؟!

## پۆزەتیف

لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ ژمارەیەك خوێندکاری زانکۆی شاری ئەسکەندەرییە ﴿ **ئوسامە ئەنوەر عکاشە** ﴾ نووسەری سریالی تەلەفیزیۆنی بەناوبانگ ( **ليالي الحلميه** ), وتی:

***_ پێویستە برگەی ئایین واتە ئەمە موسڵمانە, ئەوە کریستیانە, ئەویتر فلأن ئایینە لە پێناسەی تایبەتی مرۆڤاندا لا ببرێت و نەنوسرێت, چونکە ئایین کارێکی شەخسییە و پەیوەندییەکی تایبەتی مرۆڤە بە خوای خۆیەوە.***

## نێگەتیف

لە تشرینی یەکەمی ١٩٩٤ هەوڵێك بۆ تیرۆر کردنی نووسەری پایەبەرزی عەرەب ﴿ **نەجیب مەحفوز** ﴾ درا. یەکێك لەو تاوانبارانەی کە لەسەر ئەو مەسەلەیە گیرا, **محەمەد ناجی مستەفا** بوو. ناوبراو لە دوای دەرچوونی بڕیاری توندی دادگا, هاواردەکا:

*_ بە **نەجیب مەحفوز** بڵێن ئەمجارە لەهەر شوێنێکدا پێی بگەم, ناهێڵم بەسەر زیندوو بمێنێت.*

**شایەنی باسە محەمەد ناجی** بە دادگای ڕاگەیاندبوو, کە لەسەر نووسینی ڕۆمـانی ﴿ **اولاد حارتنا** ﴾ هـەوڵی تیرۆرکـردنی **نەجیـب مـەحفوزم** داوە هەرچەندە نەشم خوێندۆتەوە!

## ئایاتی شەیتانی

ساڵی پار دەزگاکانی ڕاگەیاندن هەواڵی هەوڵێك بۆ کوشتنی نووسەری بەناوبانگی **تورکیا**﴿ **عەزیز نەسین** ﴾یان بەدەستی گروپێکی میلیتانی **ئیسلامی** بڵاوکردەوە!

تاوانی **عەزیز نەسین** هێندە گەورەوگران نەبوو, تا شایەنی ڕق وکینەی کوێرانەی ئاوا بێت. نووسەر لە بواری ئەدەبی خۆیدا, بە وەرگێڕانی چەند بەش لە ڕۆمانی بەناوبانگی نووسەر﴿ **سەلمان ڕوشدی** ﴾ **ئایاتی شەیتانی** هەڵسابوو.

خۆشبەختانە هەوڵەکە ناکام و چروك مایەوە, نووسەر گیانی بە سەلامەت دەرچوو, بەڵام بەداخەوە لەو ڕووداوەدا٣٧ کەس بە زیندوویی لە ناو ئاگردا سووتان و بوونە قوربانی کاری سەرشێتانەی ئیسلامییەکان!

سەرەڕای ئەو هەولە تیرۆریستییە, ماوەیەك لەمەوبەر بەبیانووی نانەوەی ئاژاوە و بوونە مایەی هاندانی گروپە ئسوڵییەکان بۆ کاری توندوتیژی, دادگای میللی **تورکیا** فەرمانی لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونی یاسایی لە دژی **عەزیز نەسین** دەرکرد!

حکومەتی **تورکیا** بە ڕێکخستنی سیناریۆیەکی وا دەیەوێ پیشانی بدا کە ئەو لە کێشەکەدا بێلایەن ڕادەوەستێ هەموو لایەك دەهێنێتە پای دادگا!

هەنگاوێکی لەم جۆرە سەوداوومامەڵەیە لەگەڵ گروپە ئیسلامییەکان کە بە شێوەیەکی بێ وێنە خەریکی خۆ سەپاندنن لە گۆڕەپانی سیاسی **تورکیا**!

بە واتایەکی دیکە ئەم جڵەو شلکردنە خولقاندنی هەڕەشەیەکی جیدییە لەبەردەم بزووتنەوەی کرێکاریدا, کە بە دروشمی ڕادیکالی و ئازادیخوانە هاتۆتە مەیدان.

جا ئەو کایە کەسیفەی حکومەت دەستی داوەتێ, تا چەند بۆی دەچێتە سەر, ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ تەرازووی هێزی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی ناو هەناوی کۆمەڵگای **تورکیا**؟!

## سانسووری دووفاق !

لەسەر داوای **محمود ئەبولفەیزی** پارێزەی, ڕۆژی ١٩٩٤/١٢/٢٩دادگایەکی شاری **قاهیرە**, بڕیاری دەست بەسەرداگرتن و نمایش نەکردنی نوێترین فلیمی دەرهێنەری بەناوبانگی عەرەب﴿ **یوسف شاهین** ﴾ بە ناوی ( **المهاجر** ) لە ناوەوە و دەرەوەی وڵاتی **میسر** دەرکرد! ساڵی ١٩٨٣خانەی ( افتاء ) بۆ زانستی **ئیسلامی** لە فەتوایەکیدا, بڕیاری قەدەغەکردن و وێنەگرتن و پیشاندانی پێغەمبەرانی جاڕدا.. کەڵە دەرهێنەری میسری **یوسف شاهین** گوایە گوێی بە بڕیاری ئەو فتوایە نەداوە, بە پێچەوانەی ئایینی **ئیسلامەوە** جوڵاوەتەوە,هاتووە پێغەمبەر **یوسف کوڕی یەعقوبی کوڕی ئیسحاقی** لەسەر شاشەی سینەمادا بەرجەستە کردووە. کە مەسەلەی قەدەغەکردنی فلیمەکەیان خستە بەردەم زانستگەی **ئەزهەری ئیسلامی** بۆ لێتوێژینەوە, بێ چەندوچوون مۆری ڕەزامەندی خۆی لێدا و پشتیوانی بڕیارەکەی کرد!

ئەوە نەبێ **یوسف شاهین** لەبەرامبەر هێرشی لەختوخۆڕایی بێدەنگ بوو بێت. لـە چاوپێکەوتنێـکی ڕۆژنامەیـیدا, لەگـەڵ یـەکێ لـە دەزگـا جیهانیـیەکانی ڕاگەیاندن, بەم شێوەیە گوزارشت و داکۆکی لە بیروڕای خۆی کرد:

_ تەیارێکی ڕەشـی قەترانی, تەیارێکی غەوارەی سامناک, سەری هەڵداوە و بەرپێـوەیە, پـەیامی ئـەو دەبەخشێـتەوە, مۆسـیقا و سـینەما و کتێـب و زەردەخەنـە و هەرچـی شتێـك جـوان بێـت بـە بـڤەی دەزانێـت و لێـمان قـورغ دەکات!

*_ دەکـرێ لەبەرمـبەر ئـەو تـەیارەدا بێدەربەسـتانە بجوڵێـینەوە و چـۆك دابدەین؟*

*_ نەخێـر, نـا نـابێ .. ئـەوە ئـەرك و لێپرسـراویەتی ئێـمەیە کـە لـە دژی بوەستینەوە.. لەمەیشدا دەوڵەت لەگەڵماندا نییە !! چ دڵێکم بە دەوڵەت خۆش بێت ؟ دەمەوێ بیدوێنم, گوێم پێ نادات و لێ ناگرێ و خۆی ناکات بە خاوەنم ! ئەگـەر دەوڵـەت لـە ئاسـتمدا بـێ دەربەسـتانە بـزاف بکـا , ئـەوکات ئـەوان مەبەست میلیتانەکانە چاومان دەردەهێنن ! ئێمە کەوتوینەتە نێوان بەرداشی دوو هێزی بێرەحمەوە !؟*

_ لـەم بارودۆخـە سـامناك و داسـەپاوەدا ترسـم نیـیە, خۆگورگـە ناکـەم, ئەگـەر ڕفاندمیان ڤیروسیا, بڵێم چی, تەنیا ئـەوەم لەدەست دێت بڵێم : ئەوە چارە و نسیبی خۆم و میللەتەکەمە !

*_ نابێ بهێڵرێت **میسر** بە دەردی **جەزائیر** بچێت, کە ڕۆژانە لە نای ناهەق ئەهلی قەلەم و فیکر بەر شمشێری میلیتانەکان دەکەون .*

_ ئەبێ قەدەغەکردنی فلیمی( **المهاجر** ) لە تیرۆرکردنی فیکری ئازاد زیاتر چ مانایەکی تری هەبێت؟!

*_ نابێت زۆربەی زۆری میللەت لەبەردەم ئەو کەمایەتییەی کە دەیانەوێ کۆنترۆڵـی فـیکرمان بکـەن , بێـدەنگ و دەستەوەسـتان بمێـننەوە . نابێـت نووسەر و ڕۆژنامەنووس و ڕۆشنبیر و هونەرمەندان چاو غافل بکەین و بهێڵین حاڵمـان بگاتـە ئـەو بـارەی هاوەڵـە جەزائیریـیەکانمانی تێکەوتوون... ئاخـر ئەوانە دژی پێکەنینیشن !*

شـایەنی ئامـاژە بۆکـردنە لـەم گۆشـە و ئـەو گۆشـەی وڵاتـانی **عـەرەبی** هونەرمەند ونووسەرانی بیر و ئەندێشە ئازاد و پێشکەوتوخواز وێرای ناردنی بروسکە و نامـەی ناڕەزایـەتی بـۆ سـەرانی حکومـەت و دەوڵـەتی میسـری , لـە دژی ئەو کارەی کە دەرهەق بە بەری ڕەنجی **یوسف شاهین** و ئازادی بیروڕا دەکرێت, لە هەمان کاتدا خوازیاری ڕاگرتن و پووچەڵ کردنەوەی ئەو ( بڕیارە - **فـتوایە** )ن , هــەروەها دەســتەبەرکردنی ســەلامەتی گـیانی دەرهێــنەریان کردووە.

لـە ڕۆژی١٩٩٥/٣/٢٩ رادیـۆی BBC دیدارێـکی لەگـەڵ یوسـف شـاهین سازدا, لە هەمان ڕۆژیشدا دادگای **میسری** ئەو بریــــــاری هەڵوەشـاندەوە کـە پێشـتر درابـوو سـەبارەت دەسـت بەسـەراگرتنی فلـیمی ( **المهاجر** ) , بەو بیانوەی کە ناهاوسەنگی لە ئیجرائاتی دادوەریدا هەبووە.

یوسف شاهین بەم شێوەیە نیگەرانی خۆی دەربڕی :

*_ ڕاسـتە دەسـتیان لـە فلیمەکەم هەڵگرتووە , بەڵام سانسۆر لەسەر هەموو ژیانم ماوە .*

## چ دڕندەییەکە ؟!

ڕۆژێ **عیسا محەمەد واهیلی** گەنجی تەمەن١٩ ساڵەی خەڵکی سۆماڵ , لە دووکانێك شاڵێ لەوانەی ژنان دەیدەن بە گەردن و شان و ملیاندا دەفڕێنێ .
ڕۆژی ١١ ی فۆریە- شوباتی١٩٩٥ ناوبراو وەك تاوانبارێك لەبەرامبەر پێنج دادوەردا خۆی دەبینێتەوە و چاوەڕوانی حوکمی دادگا دەکات ! دادگا بە پێی شەریعەتی **ئیسلامی** بڕیاری دەست و قاچ بڕینەوەی **عیسا** دەدات !!
بۆ جێبەجێ کردنی حوکمەکە هەر لە بینایەی دادگاوە بەرەو نزیکترین قەسابخانەی دەبەن .
بۆ چارەی ڕەشی **عیسا** کێردی قەساب کول دەبێت , پەڕاندنی دەست و قاچەکە حەوت هەشت دەقیقە دەخایەنێت !؟

## پۆلیسی چاك!

لە دەزگای( T.V )یەوە بانگهێشت بۆ هونەمەرمەند و بەشێ لە نووسەران کرا کە لە فلان ڕۆژدا سەردانی بارەگای سەندیکای هونەرمەندان بکەن بۆ وەرگرتنی پارمەتی بەڕێزی پارتی فلانی.
لەگەڵ بیستنی هەواڵ, کاکی هونەرمەندی بێلایەن تەلەفونی هەڵگرت بۆ شوێنی ناوبراو دەستی بە ژمارە لێدان کرد:

_ *هەلەو...*

_ هەلەو

_ *کاك فلان ئەوە بۆچی ناوی منی تیا نەبوو؟*

_ بۆچی ناوێت, ناوی تۆمان له یەکێ لەو لیسته – بەڵگانەی پارتی فلانی دیوەتەوە, کە هێندە هەزارت بە ئیمزای خۆت وەرگرتووە و وەردەگری... هێشتا داوای پارەیش لە پارتی ئێمە دەکەی؟! دەبێ دوعای ئەوە بکەی که نەگیراوی و نەکراویتە ژوورەوە؟!

*_ مانای وایە لەسەر قازانج ماوم و باقیتان بدەمەوە! هەی ئافەرین پۆلیسی چاکی! پێدەچێ ئەو کەسەی باست کرد جامی وێنەکەم بوو بێ نەك خۆم..بەس با پێت بڵێم هەرچەندە بڕوام پێی نییە, هەزار تەلاقت بۆ دەخۆم لە ژیانمدا پارەم لەو پارتە وەرنەگرتووە, تەنانەت خوێنیشم لەلایان تاڵە.*

_ هەلەو...

_ .... !

١٩٩٦/١١/٣٠

## تەتەر!

بەهۆی دوو کەسایەتی ئەدەبییەوە, بەدەمی پەیامێکت بۆ ناردبووم, وتبووت:

*_ گەر ئەمجارە هاتنەوە بۆ هەولێر **عەباسیش** لەگەڵ خۆتاندا بهێنن زەمانەتی دەکەم, نەیگرن!!*

ئینزارێکی بە ئەدەبانەیە! سروشتییە, هێزێ یارمەتی لە بەعسی فاشییەوە وەربگرێ, ئەوە گفتولفتی بێت!

جێی شانازیمە کە نووسین و کار و هەڵوێستەکانم ئێوەی هێندە جار و بێزار کردبێ, تا ئەو ڕادەیەی بگاتە حەدی گرتنم!

دوای ئەوە قابیلە هێندە غەشیم بم نەتانناسم و بە سەرمەوقولات بێم بۆ لاتان, خۆ بە گورگانخواردوو بدەم!

**سەلام عەبدوڵلا گیان**

*_ ئێوەمانان, ئەوە نین, قەرەقۆز و داشی دامەن.*

بۆ ئەمانەت:

ڕۆژی چوارشەممە ١٩٩٧/٢/١٩ لە چایخانەی **شەعب** بە شایەتی و لەبەردەم **حەمە عومەر عوسمانی** شاعیر و **دلێر ژاکاودا** بوو, حەمەفەریق حەسەنی چیرۆکنووس ئەو پەیامەی پێڕاگەیاندم, بە قسەی ناوبراو **فوئاد مەجید میسری** نووسەر و **عەتا فایەق قەرەداغی** نووسەریش ئاگایان لێ بووە.

١٩٩٧/٢/٢٢

# وشە جاوین!

**فریدریك چیلوبا**_ی سەرەك كۆماری **زامبیا** بە مەبەستی خوتبەدان و ئەحوال پرسین سەردانێكی خواروی وڵات دەكا..

ئەو ناوچەیە بۆ ماوەی سێ ساڵ دەبوو بە هۆی نەبارینی بارانەوە وشكی ڕووی تێكردبوو ببووە مایەی بڵاوبوونەوەی گرانی و قاتوقڕی و برسێتی لە ناو خەڵكەكەیدا!

ئەو عالی جەنابە بۆ برسیانی ناوچەكە تەنیا قسەی ڕووتی لەگەڵ خۆیدا برد بوو! خەڵكیش نایكەنە نامەردی دەزانن سەرۆك و داروودەستەكەی خواردنی باشیان لەگەڵ خۆدا هێناوە, بێسڵەمینەوە بە بەرچاوی سەرۆكەوە پەلاماری ئۆتومبیلەكانی خواردن دەدەن و دەستدەگرن بەسەریدا, هەر برسییەك بەشی خۆی دەفڕێنێ.

ئاژانسی دەنگوباسی **زامبیا** هەواڵەکەی وا بڵاوکردەوە کە گوایە جەنابی موشەڕەڤ سەرۆك, ژان چۆتە دڵییەوە وەختێ برسێتی و هەژاری و داماوی میللەتەکەی بەو شێوەیە بینیوە !

## پۆخڵ

بە پێی گەواهی چەند کەسێك دادگایەکی فەرەنسی (**سمالتۆ** )ی بەرگدروو بە تاوانی دەلالیکردن بۆ سەرۆکی **غابۆن** ( **عومەر بۆنغۆ** ) لە ساڵی ١٩٩٠تا ١٩٩٣ دا سۆزانی لە **پاریسەوە** بۆ **لیبرفیل** بردووە, دادگایی کرد.

**سمالتۆ** دانی بەوەدا ناوە لە بری ئەو کارە, **عومەر** ساڵانە بای ٦٠٠هەزار دۆلار جلوبەگی لێکریوە و ٤٠هەزار فرانکیشی بە هەریەك لە سۆزانییەکان داوە !

بە پێی قسەی دادوەری گشتی و یەکێ لە سۆزانییەکان کە ناوی **مۆنیکایە** و بەڕەگەز **پۆلۆنییە**, ئەو سەرۆکە زۆر بەڕێزە نەخۆشی **ئایدزی** لەگەڵدایە!

جەنابی سەرۆك دانی بە تاوانەکەیدا ناوە و فەرموویەتی:

= ***سمالتۆ** سۆزانی بۆ هێناوم, بەلام ئەوە مەسەلەیەکی شەخسییە و پەیوەندی بە خودی خۆمەوە هەیە.*

ئاشکرایە حکومەتی **پاریسیش** بۆ دامودەزگای ئەو بەڕێزە لە ماوەی ٢٢ ساڵەی حوکمی بەئاشکرا و زۆر بێڕەحمانە لەگەڵ ئۆپۆزسیۆندا جولاوەتەوە و...سەغی بووە لەگەڵیدا و بەردەوام و بەلێشاو یارمەتی و کۆمەکی هەمەجۆری بۆ ناردووە !!

## فیرار

به هۆی قەیرانی ئابووری و دابەزینی بەهای دراو و نزمی ئاستی مووچە, چوونی مامۆستایان بەلای کاروکاسبی ترەوە بۆتە دیاردەیەك. هەر بۆیە وەزارەتی خوێندن و پەروەردەکردنی ولاتی سوودان بە مەبەستی پرکردنەوەی بۆشایی زۆری خوێندنگاکان, بڕیارێکی بۆ کارمەندانی وەزارەت دەرکردووە و فەرزیکردووە بەسەریاندا کە دەبێ هەریەکەیان هەفتانە لە خوێندنگای گەرەکەکانیان بەخۆرایی دوو وانە بڵێنەوە !

بۆ چاوبەست جەنابی موشەرەف وەزیر خۆیشی لە بڕیارەکە نەبواردووە !

\+ +

لە **عێراقی عەرەبی** ژێر سایەی **سەدام حوسەینیشدا** ناوی بە کۆڵەکەی ئاشا چێ بواری پەروەردە و فێرکردن زۆر وێرانترە ! ئەو مووچەیەی بە مامۆستایان دەدرێ تەنها بەشی سێ ڕۆژی گوزەرانیان بەهەزار حاڵ دەکات! بۆیە زۆربەی زۆریان ڕوویان کردۆتە شاگردی چێشتخانە, ئوتێل و دەستگێڕی و کاری ئازادی تری ناو بازاڕ !!

## برسێتی !

لە دوای ڕووخاندنی حکومەتی پاشایەتی تا هاتنی **بەعسییان** ١٩٦٩ کە بە قۆناغی کودەتاکان ناودەبرێ,خەڵکی **عێراق** بە **عەرەب** و **کورد** و **تورکومانییەوە** بەیانی لەخەو ڕادەبوون, سەیریان دەکرد حکومەتی کۆن ئەولاتر چووە و یەکێکی نوێ هاتووە.

هــەمان رەوش لــە دوای راپـــــەرینی ١٩٩١بەســــــەر خــەڵـــکی **کوردستاندا** هاتووە, بە تایبەت لە شەڕی کۆنەپەرستانەی ناوخۆ. لەپڕ دەبینرا فلان پارتی بە ناو گەورە و سەرەکی بە فیکە و چەپلەڕێزان ڕاو دەنرا, یـــان فــــلانی تــــریان بەشێـــــوەیەکی تــــر تــــووڕ دەدرا! ئیتر بۆ ناهەقی خەڵکی بگیرێت کە ئەم جۆرە هەڵوێستەیان لێدەوەشێتەوە :

مامۆستایەك بەختی یار دەبێ لە تەسحیحاتی دەفتەری تاقیکردنەوەکانی قوتابخانەکاندا دادەنرێ. وەختێ کارەکە ئەنجام دەدرێ, بەشێ لە هەقی ماندووبوونەکەی پێ دەدرێ.

پاش ماوەیەك مامۆستا بەمەبەستی وەرگرتنی باقیاتی پارەکەی, بەخۆی و قائیمەی سەفەرەوە دەچێتە خزمەت جەنابی ژمێریاری بەرێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی شاری سلەیمانی, بەڵام دەیهێننەوە سەر سفر کە ژمێریار پێی دەڵێ:

*_ جارێ پارە نییە, دەبێ سبەینێ سەر بدەیتەوە .*

ئەویش دەڵێ:

*_ شتی وا نییە, دەبێ پارەکەم بدەنێ, سبەینێی چی؟ ڕادەوەستم تا دەوام تەواو دەبێ, سیقە نییە, ئەترسم سبەینێ کە هاتم حکومەتێکی تر بێت و پارەکەم بفەوتێ .*

# فشار

**ماموٚستایانی ویلایەتی بیهاری باکوری هندستان**, دوای پانزە ساڵ تەوقی بێدەنگی و برسێتی و بەڕۆژو بوونیان شکاند دەستەجەمعی ڕاپەرین .

ئەوانە لە ساڵی ( ١٩٨١ ) ەوە مووچەیان پێ نەدرابوو ! لە داخ و لە تاو نەبوونی تا ئێستا زیاتر لە ( ١٠٠ ) کەسیان پەنایان بۆ خۆکوژی برد بوو !

ئاخر نە دەکرا کارێك نەکەن و بە چاوەڕوانی بمێننەوە , ئەوە بوو زیاتر لە هەزار ماموٚستا بۆ نارەزایەتی دەربڕین و حەیابردنی دەسەڵاتداران , گەر حەیایان مابێ , بە دەرپێی کورت و فالینەی عەلاگەوە بە ناو شەقامەکانی پایتەخت **نیودەلهی**دا وەربوون, دەستیان بە خۆپیشاندان کرد ..

_ کێ دەڵێ لە خۆپیشاندانی داهاتوویاندا ئەو تۆزە سیپاڵەشیان لەبەردا دەمێنێ ؟

\+ + +

بە هۆی باری خراپی بواری فێرکردن و نەدانی مووچە, ماموٚستا و خوێندکارانی شاری **کینی** لە وڵاتی **ئۆکرانیا** خرۆشان, بۆ پیشاندانی نارەزایەتی دەستەجەمعی ڕژانە سەر شەقامەکان .

لە ئەنجامی تەقەشوفەوە هەزارەها ماموٚستا ناچار بوون دەست لە کار بکێشنەوە و وێل بن بە دوای هەر کارێکی تردا! ئەوانەیشی بە ماموٚستایی مابوونەوە لە بەهاری (١٩٩٦)ەوە مووچەیان پێ نەدرا بوو ! مووچەی مانگانەی هەر یەکێکیان خۆی لە شەست دۆلار ئەدا !

**پاسەوانانی ڕەزاگرانی سەرمایە _ پۆلیس نەیانتوانی بڵاوە بە خۆپیشاندەرانی تووڕە بکەن , مامۆستای قۆڵ کردوو بە قۆڵی خوێندکاردا, بێباکانە درێژەیان بە ڕێپێوانی خۆیاندا و بە دەنگی نێر و زوڵاڵ فلان و فیسار دروشمی خۆیان دەووت و دەوتەوە .**

**_ بە داخەوە مامۆستایانی کوردستان سواڵکردن و فلان و فیسار کاریان لە هاتنە سەرشەقام و نارەزایەتی دەربڕینی دەستەجەمعی پێ باشترە !**

## پۆرت شکاندن

**ئینبال سیفای سەرۆك وەزیرانی پۆرتگال, فریا ناکەوێ لە کات و تایمی دیاریکراوی سەردانی نەخۆش لە خەستەخانەدا, چاوی بە باوکی بکەوێ , ناچار دەبێ لە ڕێگای تایبەتی چوونە ژوورەوەی کرێکار و کارمەندانەوە خۆی پیا بکات .**

**سەرۆك وەزیران لەبەر ئەوەی پێناسی پێ نابێت, پاسەوانی بەردەرگا ئامادە نابێ لە ڕێنمایی گشتی خەستەخانە لا بدات و ناهێڵێ گوزەر بکا .**

**لە ئەنجامی ئەم هەڵوێستە کابرای پاسەوان نانبڕاو دەکرێ! بەڵام خۆشبەختانە ڕووداوەکە دەکەوێتە سەر زاران و مەسەلەکە لە قاو دەدرێ...**

**بە مەبەستی بەرگری و هاوپشتی دەربڕین ژمارەیەکی زۆر ڕێکخراو و ڕۆژنامە و کەسایەتی کەمپینێکی بەرفراوان بۆگێڕانەوەی پاسەوانەکە بۆ سەرکارەکەی بەڕێدەخەن...**

**سەرئەنجام پاسەوان موعەزەز و موکەرەم دەچێتەوە سەرکاری خۆی, پۆرتی سەرۆك وەزیران دەشکێنرێت .**

## ماڵ فیدا...

ئەگەر کەسێك بێ پرس و ڕا و هەرەمەکی میراتییەکی هەبێ و پێشکەشی لایەنێ یان شوێنێکی دیکەی بکات هەروەك **هاری هاران** کردوویەتی کە ئەندامێکی کۆنی پارتی **کۆمۆنیستی هندی** و دانیشتووی ویلایەتی **ترناتاکایە**, ئێوە دەڵێن چی و چی پێ دەڵێن!؟

_ *بێگومان ئەو کارە بە غەدر و ناهەقی دادەنێین بە پلەی یەکەم لە بەرامبەر ژن و منالانی !*

بەلام وەختێ ناوبراو هەڵساوە بەو کارە و میراتییەکەی بە پارتەکەی بەخشیوە کە لە چەند هەزار دۆلارێکی نووستوو و خانوویەك پێکهاتووە ..پارتی **کۆمۆنیستیش** بۆیە دیارییەکەیان لێ قبول کردووە , پێشەکی زانیویانە هەنگاوی هاوڕێکەیان ڕەنگدانەوەی نێگەتیفانە بەجێ ناهێڵێ , ناوبراو تا گیان لەدەستدانی بوخچەی نەکراوە بووە .

_ ئەندامانی هەندێ لە پارتەکانی **کوردستان** نەك کاری لەو جۆرەیان لێناوەشێتەوە, بەڵکوو تەنانەت ئامادەیش نیین هەفتانە ڕۆژنامەی پارتەکەیان بکرن !!

## بێغیرەت !

دوای تێپەر بوونی ٢٧ ساڵ بەسەر شەهید بوونی تێکۆشەری بەناوبانگ **گیڤارادا**, گۆرەکەی لەلایەن کۆنە گەنەڕاڵی **بۆلیڤی ماریو فارغاس سالیناس** ئاشکرا کرا.

بە ئاگاداری ناوبراو و دوو کەسی تر, ڕۆژی ١١ تشرینی یەکەم ١٩٦٧ لە فرۆکەخانەی **فالیفراندی** تەرمی **گیڤارا** و پێنج هاورێی کراون بە ژێر گڵەوە.

ئاشکرا نەکردنی تا ئێستای ئەو شوێنە بۆ ئەو بووە کە نەبێتە مەڵبەند و جێنزرگەی شۆرشگێر و لایەنگرانی **گیڤارا**!

ئەو جەلادەی دەستی بەخوێنی **گیڤارا** و هاوەڵانی سوور کرد بوو, گێراوییەتەوە بەر لەوەی دەستڕێژی لێبکرێ, هاواری کردبوو:

_ بێغیرەتینە دەست بنێن بە پەلەپیتکەدا, ئێوە مرۆڤێ دەکوژن .

## گاز !

لەسەر ئەوەی کامیان دەبێ لە پێش ئەوی دیدا قسان بکا, پەرلەمانتاری پارتی ئۆپۆزسیۆن **فوکون شینغ** بە لەقە وشەق و گازلێگرتن پەلاماری پەرلەمانتارێکی پارتی دەسەڵاتدار **شین شیە هوی** ئەدات و تەنگەتاوی دەکا !

شایەنی باسە پەرلەمانی **تایوانی** ناوبانگی بەوە دەرکردووە کە زۆرترین شەر و پیاهەڵپژانی تیا ڕوودەدا !

+ + +

**لازاروس نزار** پەرلەمانتارێکی پارتی دەسەڵاتدارە لە **زیمبابۆی** , هێندە دڕ و ناشارستانی بوو , لەسەر دەمەبۆڵە و کێشەیەکی بێبایەخ لەناو هۆڵی پەرلەمان , پەلاماری پەرلەمانتارێکی تر دەداو گازێکی وا لە لێوی هاوڕێکەی دەگرێ بەپەلە دەیگەیەننە خەستەخانەی فریاگوزاری , لەوێ لێوی کابرا بە چەند تەقەڵ دەدورنەوە , نۆژادر ئامۆژگاری ئەوەی دەکات تاماوەی چەند ڕۆژ نابێ قسان بکات !

## دزێو !

**هاوولاتییەکی هیندستان** بە هۆی بەرێنەچوونی ژیانییەوە ناچار دەبێ ژنەکەی بە بری ١٥ دۆلار بە کابرایەك بفرۆشێ !!

بەلام دوای چەند رۆژ کرپار ( کالا–ژن )ەکە دەهێنێتەوە و داوای پارەکەی دەکاتەوە , گوایە کالاکە عەیبارە و لە پەیماننامەکەشدا نەنوسراوە : فرۆشراو وەرناگیرێتەوە !

\+ \+ \+

ویلایەتی **تامیل نادۆ** بە یەکێك لە هەژارترین ویلایەتەکانی هیندستان دەژمێردرێ , کەچی **خاتوو جایلا لبتاجا بارام** کە شالیارێکی ژنی ویلایەتەکەیە , بۆ سازدانی ئاهەنگی ژنهێنانی کورێکی یەك ملیۆن دۆلاری سەرف دەکات !

بۆ شوێنی ئاهەنگەکە ٢٠٠ ئۆتۆمبیلی بارهەلگر تەنها گولیان گواستۆتەوە ! سێ هەزار چێشتلێنەر و گارسۆن خەریکی رازاندنەووە و بەردەستی و خوان ئامادە کردن بوون !٣٠٠ کەسیش وەك میوان بانگهێشتی ئاهەنگەکە بوون !

## تەڵخ

**سەڵتانی برونای** بەیەکێ لە هەرە دەوڵەمەندانی سەرگۆی زەوی دەژمێررێت, سامانەکەی بە ٣٥ بلیۆن دۆلار مەزەندە دەکرێ .

_ پەکوو لەو حەلامەتەی !

**ئەم عالی جەنابە ! دیاری دەستی بۆ ساڵرۆژی لەدایك بوونی کچە هەژدە ساڵییەکەی , پێشکەش کردنی فڕۆکەیەکی ئێرباس دەبێ, کە بایی سەد ملیۆن دۆلارە !**

**_ هیچ نییە پێچی مێزەرێکە !**

**تۆ بڵێیت شتە زەبەلاحەکانی لەمەڕ خۆمان لەو بۆنانەدا دیاری دەستیان بۆ کچ و کوڕ و برازا و خوشکەزاکانیان لە هی ئەو سوڵتانە ناموبارەکە نەچێ !؟**

**_ پیاوەتی بەسەر ئاوی حەمامەوە دەکەن !**

\+ + +

**لەم دنیا پێچەوانە و دژی مرۆڤانەیەدا , زۆرجار مرۆڤی بەلەنگاز دەروازەکانی لەڕوودا دادەخرێ , ناچار پەنا بۆ خۆکوشتن دەبا ,یان ئازیزترین شتی گەر هاتوو جگەرگۆشەکەیشی بێ , دەیکات بە قوربانی , تا دەفعی بەلای پێ بکا !**

**هەروەك لە نەبیل الرفاعی روویدا , کە یەکێکە لەو هەزارەها ئاوارە فەلەستینییەی ئۆردوگای چادرنشینی عەین حلو لە لوبنان ..**

**ناوبراو بە رۆژنامەنووسانی , وت :**

***_ لەو پێنج مناڵەی هەمە , ئامادەم بیلای تەمەن هەشت ساڵە بەو کەسە بفرۆشم کە زۆرترین پارەم ئەداتێ تا باوکمی پێ لە مردن رزگار بکەم , کە بە هۆی سست بوونی گورچیلەکانییەوە لە خەستەخانە کەوتووە ...***

**بازرگانانی شەڕ گەر خەڵکی ناڕازی سنوورێکیان بۆ دانەنێن لەهەر کوێ بن لەوە باشتریان لێ سەوز نابێت ...**

\+ + +

لـە **ئامـاراتی موتەحـیدەی عـەرەب** ئـەوەی خۆولاتـی نـەبێ , گـەر هـاتوو **عەرەبیش** بێت بە بێگانەی دەژمێرن ! ئەم ولاتە وەك **سوید** وایە زۆربەی زۆری دانیشـتوانی بـە قـەولی **ئەماراتییەکان** بێـگانەن ,کـە لـە سـەدا حەفتاوپێـنجی دانیشتوانی ولات پێکدەهێنن .

خەڵکە ئەسڵییەکەی ! **ئەمارات** پێیان باش نییە بێجگە لە خۆیان کەسی تـر **جەلەبییەی** سـپی لەبـەر بکا ! بـە پێچەوانەیشـەوە خەڵکـە بێـگانەکە بۆیـە **جەلەبی** لەبەر دەکەن چونکە یەکەم / هەرزان بەهایە.

دووەم / گەر وا نەکەن بە سووك و وەك کەسی پلە دوو سەیریان دەکەن .

# گومان

دزیـنی پرسـیاری تاقیکردنەوە, دیاردەیـەکی بـاوە, بـەزۆری لەنـیو و سـەری سـالآن ڕوو ئـەدا. سـاڵی پار وەزارەتی خوێندن و پەروەردەی **کۆریای خواروو**, بـۆ بەربەسـت کـردنی ئـەو دیاردەیـە هـات ئوتێلێـکی بەکـرێ گـرت, هەرچـوار دەوری ئاپارتمانەکەی بەتـەلی دڕکـاوی تـەنی, بـۆ چاودێری ژمارەیەکی زۆری پۆلـیس و ئاسایشـی لـە چـەند خـاڵی دیـاری کـراو دانـا, شووشـەی پەنجەرەکانـیان بەکاغـەز داپۆشـی و هـەموو جـۆرە پەیوەندیـیەکی تەلەفوونیشـیان لێـبڕی. لەهـەمووی سـەیرتر ئـەو ٢٩مامۆسـتای زانکـۆ و٤٦ مامۆسـتای ناوەندیـیەی کـە ئـەرکی دانـانی پرسـیاریان پـێ سـپاردبوون, تـا کۆتایی هاتنی تاقیکردنەوەکان نەهێڵرا بێنە دەرەوە !

# نەخێر

ئاهەنگ و میتینگی ڕۆژی کرێکار لە یەکی ئایاردا بەرپا نەکرا, بەڵکوو کەوتە ڕۆژی چواری سپتامبر _ ئەیلوولەوە, لەبەرەبەیانی ئەو ڕۆژەدا پۆل پۆل کرێکاری شارانی **ئۆتاوا**, **لندن**, **کینگ ئاستون**, **کیکخیر**, **هاملتون** دەهاتن و دەڕژانە شوێنی دیاریکراوی مەراسیم و خۆپیشاندانی ڕۆژی کرێکار.

کرێکاران لەوەختێکدا جەژن دەگێڕن کە دەوڵەتی لیبرالی **مایك هویس** هێرشێکی توند و هەمەلایەنەی بۆ لێسەندنەوەی ئەو دەستکەوتانەی سالآیانی ساڵە بە خەبات و تێکۆشانی بێوچان بەدەستیان هێناوە, دەست پێکردووە !

زۆربەی هەرە زۆری دروشم و پلاکارتەکان لە دژی ئەو بەرنامەیە بوو کە لەگەڵ بەرژەوەندی کرێکاراندا نەدەهاتەوە .

کرێکارن بەوپەڕی عەزم و ئیرادەوە بۆ ماوەی چەند کاتژمێر لە خۆپیشاندان و دروشمدان بە ناو شەقام و گۆڕەپانە گشتییەکانی شار وەر بوون .

لە ناو ڕیزی خۆپیشاندەراندا لایەنگران و ئەندامانی یەکیتییە کرێکارییەکان و ڕێکخراوی ژنان و ئەنتی **ڕاسیستییەکان** دەبینران, دەورونەخشی بەرچاویان کایە دەکرد .

# حەربــا !

**بـاغ** ئاوایـیەکی پێـنج هـەزار کەسییە, کەوتۆتـە نێـوان پایتەخـت **کـابول** و **سـالانج**, بـە لایەنگـری لـە گـروپی **ڕەبـانی** ناسـراوە. کـە هێـزەکانی **تالیـبان** گەیشــتنە شوێــنی ناوبــراو دەســەڵاتدارانی **تالیــبان** بــۆ دڵــنەوایی کــردنی دانیشتوان دەستیان بە هەڵڕشتنی پارەوپول بەسەر خەڵکیدا کرد .

هێشـتا دە ڕۆژ بەسـەر هـاتنی **تالیـباندا** تێـنەپەریبوو , مقۆمقـۆی دووبارە نـزیك بوونــەوەی هێـزەکانی دیکـە پـەیدا بـووەوە , لـە ئانوساتێـکدا گلۆلـەی **تالیــبان** کەوتــە لێــژی, خــەڵکی ئـاوایی بەپەلــە ئــالأی ئەوانیــیان داگــرت و نوێنەرەکانیشـیان وەدەرنـا و ئالأی کۆنـیان هەڵکردەوە , بۆ پیشاندانی نییەت پـاکی و وەرگـرتنی پـارەوپول نوێـنەریان بـۆ وتوویـژ نـاردە لای **ئەحمـەد شـاە مەسعود** .

بـەڵام کـاتێ بۆیـان دەرکـەت کـە لـە مـاوەی چلوهەشـت کاتژمێـردا وەڵامیان پێنادرێتەوە, بایـان دایـەوە بـەلای هێـزەکانی **تالیـبانەوە**, تـا پـارەوپولی زیاتر وەربگرن !

وەختێـکیش نوێـنەرانیان لای **ئەحمەد شاە مەسعود** بە هەواڵـــی خۆش و وەعـد و بەڵێـنی باشـەوە گەڕانـەوە, خـەڵکی ئاوایـیەکە زمـان و کـردەوەیان بـە دژایـەتی **تالیبان** گـۆڕا ! ئیتر بـەم جـۆرە بـە خێـراییەکی بێ وێنە لە ئانوساتدا هەڵویست و ئالأکان دەگۆڕا !

ئـەم بەسـەرهاتە گـەر چـەند وشـەیەکی لـێ ئـاڵ و وێـڵ بکـرێ و دەستێـکی پیابهێنرێ ئەوا دەقاودەق بەسەر **کوردستانیشدا** دەسەپێت !

# کەلەپووت

زۆر جار کە قسە دێتە سەر جیاوازی نێوان خەڵکی رەشۆکی و چینە داراکان, بێگومان هەرچی خەسلەتی ناشیرین و خراپ هەیە بە خەڵکە رەشۆکییەکەوە دەلکێنرێ! بەڵام لەم سەردەمەدا بەهۆی ڕۆژنامەنووسانی هوشیارەوە لەوانەی دەست دەکەن بە کونی ماردا, ئەم رەوشە بە جۆرێکی دی کەوتۆتەوە.

پۆخڵەوات و خراپەکاری تەنانەت هەندێ لە وردەکارییەکانی ژیانی تایبەتی چینە دارا و دەسەڵاتدارەکانیش ئاشکرا دەکرێن.

لەزۆر باردا ناهەقی خەڵکی ئاسایی ناگیرێ لە تەنگانە زۆر و زەبەنگەکانیاندا پەنا وەبەر ئەهلی دەجەل و شەعوەزە بۆ دۆزینەوەی چارەسەری گرفتەکانیان ببەن.

ئەی دەڵێی چی و چی ناو لێدەنێی ئەگەر پیاوێکی پایەبەرزی! پلە یەکی دەولەتێ پەنا بەرێتە بەر ئەو جۆرە کەسانە, هەروەك سەرەۆك وەزیرانی **تایلاند** کردوویەتی؟!

ئەو جەنابە لەسەر قسەی یەکێ لە فاڵگرەوان ڕۆژی لە دایکبوونی خۆی لە بیستی تەمووزەوە بۆ نۆزدەی ئەیلوول دەگۆڕێ!

_ دیارە دەبێ بووترێ قور بەسەر ئەو میللەتەی کەسـان و دەستەودائیرەی بێ مێشکی وا دەیبا بەڕێوە.

## نەفرەت

**شاری روزاریوی ولاّتی ئەرجەنتین** یەكێكە لەو شارانەی بەدەست دیاردەی بێكارییەوە دەناڵێنێ، رێژەی بێكاران لە لە سەددا بیست دەخەملێنرێ، یەعنی لەهەر پێنج كەس یەكێكیان بێكار دەردەچێ!

دەزگار **تی.ڤی** ئەو ولاّتە لە كاسێتێكی وێنەیدا، چەند گۆشە لە ژیانی خەڵكی بێكاری گەرەكێكی هەژارنشین پیشان ئەدا، كە لە تاو برسێتی پاوە پشیلە دەكەن، دوای كەوڵكردن و سووركردنەوەی دیخۆن!

ئەو دیمەنە قێزەونە نامرۆڤانەیە بووە مایەی دەربڕینی نەفرەت و بێزاری زۆری دانیشتوان و رێكخراو و دەزگا كۆمەكگوزارییەكانی ولاّت. بۆیە دەستەجەمعی لە دژی دەوڵەت نامەیەكی نارەزایەتیان نووسی و بەرزكردەوە، تێیدا خوازیاری ئەوە بوون كە دەبێ و دەستبەجێ لایەك لەو برسیانە بكرێتەوە.

## زالو

لە **پاكستانی** خانم **بێنەزیر بۆتۆ**، لە **پاكستانی** خاوەن بۆمبی ناوكیدا، نزیكەی شەش ملیون منالّی تەمەن كەمتر لە چواردە سالّ هەن، ناچار كراون مل بە كاری گران و تاقەتپروكێن بدەن!؟

ئەوانە ئەوەی پێی بووترێت تەختەرەش و یاریگا و خۆشەویستی و... نایزانن چییە! لە بری هەموو ئەوانە دەرگای كاركردنیان لەسەر دەزگای جۆلاّیی و لەناو كوورەخانە و میوانخانە و راوچێتی و... بۆ خراوەتە سەر

**گازەرای پشت تا لەو شوێنانەدا منداڵییەتی و تەندروستی خۆیان بە قوربانی ژمارەیەك خاوەنکاری زالوسیفەت و قازانجپەرست بکەن!!**

# تەنز

**خاوەن ئاپارتمانەکان لە ئەڵمانیا، ئامادە نابن شوقەکانیان بە تورك و کورد و ڕۆژهەڵاتییەکان بەکرێ بدەن، لەبەر دوو هۆ :**

**یەکەم/ پێیان وایە ڕۆژهەڵاتییەکان خەڵکانی مەدەنی نین!**

**دووەم/ لە پەلاماری گروپی نازییە نوێیەکان دەترسن، کە بە هۆی ئەوانەو شوقەکانیان دەسووتێنرێ!**

**ئەم هەڵواردنە بێ مانایە وای لە پەناهەندەیەکی تورك کردووە، دەست بداتە پێنووس و ڕاگەیاندنێکی گاڵتەئامێز بنووسێ و لە ڕۆژنامەیەکدا بەم شێوەیە بڵاوی بکاتەوە:**

***... خۆم و ژن و مناڵە چوارساڵانەکەم پێتان ڕادەگەیەنین، نەخەڵەتابن شوقەمان بەکرێ بدەنێ... بەو کارە ڕووبەڕووی مەترسی جۆراوجۆر دەبنەوە، چونکە ئێمە کەروێشك ئاسا زاوزێ دەکەین و زۆر دەبین... لەگەڵ هاتنمان دەست نەك لە باخچەی ماڵ بەڵکوو لە***

**هی دەرودراوسێکانیش بشۆن... دیوارەکانی ژوور و هۆڵ و هەیوان**
**و تەنانەت کۆڵانەکانیش بە تەباشیر و ماجیکی ڕەنگاورەنگ پیس**
**دەکەین... لەناو بانیۆی گەرماویشدا مەڕ وبزن و مریشك.... سەردەبڕی.**

# بوختان

ئەمساڵ **نەجمەدین ئەربەکانی** سەرۆك وەزیرانی **تورکیا**, هەروەك **سەدام حوسێنی ئێراق** ناویان ناوە **ئەبوو ڕازی**, بۆ بیستوپێنجەمین جار بە یاوەری **نەرمینی** ژنی و **فاتیحی** کوڕی و کچەکەی و شەست و پێنج وەزیر و بیرکاری حکومەتەکەی چوونە وڵاتی **سعودییە** بۆ بەجێهێنانی فەریزەی حەج!

سەروەت و سامانی سەرۆك وەزیرانی **روسیا فیکتۆر تشیرنو میردین** بە پێنج ملیار دۆلار دەخەمڵێنرێت! کەچی بۆ چوار مانگ زیاترە کرێی کرێکارانیان نەداوە!

سەروەت و سامانی **مۆبۆتۆی** وڵاتی **زائیریش** بە بیست ملێون دۆلار زیاتر دەخەمڵێنرێت, کەچی مانگانەی هاووڵاتییەك تەنیا دوو دۆلارە !

**کابیلا** پێش ڕاکردنی **مۆبۆتۆ** بە ڕۆژنامەنووسانی وتبوو :

*_ سەرۆك کۆماریم بۆچییە, هەر کاتێك گەلەکەم بە ئازادی بینی, دەچم بەلای کاری تایبەتی خۆمەوە.*

بەڵام **کابیلا** وەفادار نەبوو بە قسەکانی دوای ڕۆیشتنی **مۆبۆتۆ** بووە کەسی یەکەمی **زائیر**, یەکەم بڕیاریش دەریکرد یاساغکردنی هەموو مانگرتنێك بوو!

# گەمارۆ

ئێوارەی ڕۆژی ١٩٩٦/٤/٢ ژنێکی جەحێڵ بە ناوی **ئەمنەوە**, خاوەن چوار منداڵ و مێردێکی دەستفرۆش, دانیشتوی خانووە بێتاپۆکانی گەرەکی **تووێمەلیك**, لەگەڵ منداڵێکی دەچنە دارستانەکەی بنار چیای **گۆیژ** کە بە داربەرووەکان ناسراوە, بۆ هەڵکەندنی کنگر و کۆکردنەوەی قارچك .. پاش تاوێـــــك دەبێتـــە هەوروهەلا و شەستەباران, لەپڕ برووسکەیەك ئەداو و ئینجا گرمەیەکی گەورە **سلەیمانی** دەهەژێنێ.

ئەو ناڵەیە زەنگی کارەساتێك و بەڵایەکی ناگەهان بوو, پاش نیو کاتژمێر منداڵێك بە هەڵەداوان و گریانەوە هەواڵی مەرگی ئەمنەیدا بە گوێی خەڵکی گەرەکدا.

بەڵێ, **ئەمنە** برووسکە لێی دەدا و دەستبەجێ گیان لەدەست دەدا, دەبێتە یەکێکی تر لەو هەزاران شەهیدەی کە لە ڕێگای ناندا بە
برسێتی سەریان ناوەتەوە !!

\+ \+ \+

بە هۆی گەمارۆی ئابووری و جەنگی ناوخۆوە, پایە بنەڕەتییەکانی کۆمەڵگای مەدەنیی **کوردستان**, بەری لای **ئێراق**, لە گرێژەنە چووە! لەماوەی ئەم چەند ساڵەدا کەم کەس هەیە بەر گورزی ئەو ڕەوشە نائاساییە نەکەوتبێ.
هەر کەس دەبینی و دەدوێنی دادوبێدادییەتی, بەسەرمایەدار و موفتەخۆرانی جۆراوجۆرەوە, دیارە ناڕەزایەتی ئەو کەمایەتییەی ناو کۆمەڵ بە خاتری خۆدزینەوە لەبەرپرسیارییەتی و جۆرێکە لە چاوبەست!؟

منداڵێك لە دایکی پرسی :

_ سەرمامە بۆ ئاگر داناگیرسێنیت؟

+ ئاخر نەوتمان نییە.

_ بۆ نیمانە؟

+ بۆ نازانیت باوکت بێکارە؟!

_ بۆ بێکارە؟

+ لەبەر ئەوەی لە ناڕەزایەتی و مانگرتندا بەشداری کردووە.

_ جا بۆ ناڕازییە و ماندەگرێ؟

+ بۆ نەیکات؟ بە دوو مانگ مووچەیەك دەدەن, خوا لە دەستیان ببڕێ, ئەویش کەمە و بەشی هیچ ناکات ؟!

+ + +

یەکێك, پەنجەرەی ماڵەکەی و دراوسێکەی شیشی کۆنکریت موسەلەحی بنمیچی خانووەکەی دەردەهێنێت, دەیبات بۆ فرۆشتن تا سکی برسی خۆی و خێزانی پێ تێر بکات..!

هەندێك پەیکەری سەبر و تەحەمول دروست دەکەن بۆ ئەوەی کە برسییان بوو بیخۆن !

ئەویتریان سەرمای زستان دەچێژێ و هەڵیدەگرێ تا لە گەرمای سووتێنەری هاویندا خۆی پێ فێنك بکاتەوە و بیپارێزێت !

کەسی وایش هەیە کۆ لە هیچ ناکاتەوە, تەنانەت بەلای بیسمیلای هەڵواسراوی مزگەوتاندا بڕوات ئەلفەکەی لێدەکاتەوە, ئێ بەلکوو برێ پارە بکا و ژەمێك سکی پێ تێر بکات !

**گەنجێــکی یــاخی و قۆشمــەیش هــەوای کــردبووە بوتڵــە شووشــەی ساردییەوە, لە ناو جەرگە و ئاپوورەی خەڵکی بازاڕدا , های هەوا های هەوای بوو !!**

\+ \+ \+

ڕۆژێك **مەلای مەشهوور** و منداڵەکەی پێکەوە دەبن, دەبینن چەند کەسێك دارەمەیتێکیان بەسەر شانەوەیە.

**مەلا**, دەپرسێت :

_ ئەو دارەمەیتە بۆ کوێ دەبەن ؟

یەکیکیان, بەقەشمەریاتەوە :

\+ دەیـبەین بـۆ ماڵێـکی بـێ دەرگـا , بـێ پەنجـەرە, بـێ فـەرش, بـێ ئـاو, بـێ ڕووناکی, بێ هەوا, بێ خواردن !

دیمەنی ئەو حیکایەتە پڕ مانا و تەنزئامێزەی **مەلای مەشهوور** پیشانی دەدا, ڕێك دەکرێـت و دەگونجـێ بەسـەر مـاڵ و ژیـان و زیـندەگی یەکەیەکـەی خـەڵکی کرێـکار و زەحمەتکێشی **کوردستان** و ئێراقدا بشوبهێنرێ,کە بە هۆی داســەپاندنی گــەمارۆی زاڵمانــەی ئــابووری چــەند ســاڵەی **ئەمــەریکا** و هاوپەیمانانەوە, نیخە و ناڵەیان دێت !

_ کەواتـە, مرۆڤی ئەو دوو دەڤەرە حەوت پەراسوویان لە ئۆمەتی وڵاتانی تـر زیاتـرە, ئەگـەر وانییە, ئەی بۆ تا ئێستا تەحەمولیان کردووە و نەبزواون و ڕانەپەڕیون ؟!

# پاسیف

**مارکۆسی** بیستوپێنج ساڵە, لاوێکی **نیجیرییە**, بە مەبەستی گەیشتنە کەنارەکانی ئارامی **ئەوروپا** , مغامەرەیەك دەست پێدەکا , سەرەتای هەنگاو بە فرۆکە دەبڕێت و دەگاتە **مۆسکۆ**, دواتر بەهەر شەرەشەقێك بێت, بە ڕێگای پێچەبەدەورەی قاچاخچیاندا, دەگاتە **نەمسا** , **نەمسایش** بە وڵاتی مۆسیقا و کێوی بڵند و دڵفڕێنەوە بەناوبانگە.

لەگەڵ گەیشتنی بە پایتەختی وڵات – ڤێنا , لەبەردەم لێکۆڵەوەراندا هۆی هەڵهاتنی وا ڕادەگەیەنێ, کە سەر بە گرووپێکی ئایینییە و لەلایەن حکومەتی ئیستبدادیی **نیجیریاوە** زۆر بە توندی محارەبە دەکرێت, هەر بۆیەکە لە ناچاریدا پەنای هێناوەتە بـــــەر کۆشی پڕ میهری وڵاتی **نەمسا** , ئێ بەڵکوو هەقی شایستەی خۆی وەکوو پەناهەندەیەك پێ ڕەوا ببینرێ.

بەلاّم لێکۆڵەرەوە بە بەردبووەکان نەك قەناعەت بەو قسانە ناکەن, بەڵکوو هەر زۆر بێ بایەخ دەڕوانـنە مەسـەلەکەی و لـە ماوەیـەکی کورتـدا بڕیـاری زاڵمانەی ڕەفز و دوورخستنەوە دەدەن بە تەنگەیدا !!

دوای بێنە و بەرەیـەکی زۆر, کـە لـە مـانگی ئـەیلوولی ١٩٩٨ەوە دەسـت پێدەکا تـا سـەرەتای مـانگی ئایـاری ١٩٩٩, تـای تـەرازوو بـە زیـانی **مـارکۆس** دەکەوێتەوە, دیلئاسا ناچار دەکرێ و بە تۆپزی و بـە یـاوەری سێ پۆلیس, سواری فڕۆکەی دەکەن و بەرە و باوان نیجیریای دەکەنەوە !

**مـارکۆس** لەناو فڕۆکەکەدا و لەبەرامبەر گەڕانەوەی کە مەرگی موحەقەقی لـە دواوەیـە, دەیکاتـە هاوارکـردن و داد و بێـدا, پۆلیسـە بەڕۆبۆتـبووەکانی

سەرمایەش بە خاتری بێزارنەبوونی گەشتیارەکانی پلەیەکی ناو فڕۆکەکە، بێ گوێدانە هیچ بەرپرسیارییەتیەك دەمی **مارکۆس** وەکوو تاوانبار و تیرۆریستك بە زەمقی نایلۆن دەبەستن، بێئاگا لەوەی **مارکۆس** نەخۆشی ڕەبووی لەگەڵدایە، دیارە دەمبەستنەکە دەبێتە هۆی فشار و تەنگەنەفەسی زیاتر تا حەدی خنکاندن، وەختێك پۆلیسەکان پێی دەزانن کار لە کار ترازاوە، **مارکۆسی** دڵ بە ژیان خۆش بوو گیانی لە دەست داوە!

\+ + +

لە ڕۆژانی یەکەمی مانگی ئۆگۆست– ئابی ١٩٩٩ فڕۆکەیەکی هێڵی ئاسمانی **سابینا** لە گەشتێکی وڵاتی **غینیاوە** دەگەڕێتەوە،
دوای نیشتنەوەی لە فڕۆکەخانەی **برۆکسیل**، کرێکارێکی هونەری دەیەوێ عەمباری فڕۆکەکە پڕ لە بەنزین بکاتەوە، هەست بە بۆگەنێکی ناخۆش دەکات، کاتێك بەرە و شوێن و سەرچاوەی بۆگەنەکە دەچێت چاوی بە لاشەی دوو مێردمناڵی ڕەشپێست دەکەوێ کە بە توندی باوەشیان بە یەکداا کردووە و لە تەنیشتیانەوە نامەیەکی نووسراو بە زمانی فەرەنسی دانراوە!

دوای لێکۆڵینەوە دەردەکەوێت: وا پێدەچێ مێردمناڵەکان لە شاری کۆناکری پێدزکەیان کردبێتە ناو کابینەی یەکێك لە تایەکانی فڕۆکەکەوە، فڕۆکەکەیش لە کاتی هەستاندا پێویست دەکا لە بەرزایی دە هەزار مەترەوە بفڕێت، دیارە لە بەرزاییەکی وایشدا پلەی گەرمی فرە دێتە خوارەوە تا ئاستی ٥٠تا٥٥ پلەی ژێر سفرەوە، هەر بەو هۆیەوە بووە مێردمناڵەکان لە سەرمانا ڕەقبوونەتەوە و گیانیان لە دەست داوە !

## بەشێك لە نامەی مێردمناڵەكان

*... ناهەقمان مەگرن ئەگەر سەرچڵی دەنوێنین و ژیانمان دەخەینە مەترسییەوە, چونكە لای ئێمە جەنگی بەردەوام و نەخۆشی كوشندە و برسێتی لە ڕادەبەدەر وقاتوقڕی بەربینی پێگرتووین, ئێوەیش وەك كەرەی شەربەت وان مێش میوانتان نییە.*

ئیمزا: **یاگین كویتا** ١٤ ساڵ **فودی تونكارا** ١٥ ساڵ

ئەوەی شایەنی باس و وەبیرهێنانەوە بێ لە **كوردستانی** بەری لای **ئێراق** بە تایبەت لە شارۆچكەی **سەیدسادق** – **سلەیمانی** كارەساتێكی هاوشێوە و دڵتەزێنی وا ڕووی داوە :

زستانی ساڵی١٩٩٢, دوو مناڵی **گەرمیانی** ئاوارە ( **هێمن و چنار ناسیح** ) بە سكی برسی و لە ڕۆژێكی تۆف و وێشمە و بەفراویدا لە ڕێگای چوونە قوتابخانەدا لەسەرمانا ڕەق دەبنەوە !

ئەو كارەساتە جەرگبڕە دەبێتە مایەی هاندانی هونەرمەندێكی دەستڕەنگینی هەژاردۆست و ڕادیكاڵ, بە یاد و خاتری ئەو دوو مناڵە, لە دەروازەی شارۆچكەكەدا پەیكەرێكیان بۆ ساز دەكا .

## یاخی

**ئەڵەمانیا** :

كرێكارێكی تەمەن سیودوو ساڵە, لە نارەزایەتییەكدا, وتی:

_ هیچمان نەماوە تا لەدەستی بدەین, ناچاریان كردووین زۆر بەكاربهێنین.

**بەلچیكا** :

**كرێكارێكی بێكار، لە خۆپیشاندانێكی چەند هەزار كەسیدا، وتی :**

**_ ئێمە پارەی دائیرەی سۆسیالمان ناوێت، كارمان گەرەكە، كار... دوێنێ كومپانیای میتاڵ ئەمڕۆ كومپانیای ڕینۆ سبەینێ سەرەی بێكاركردنی كێیە؟**

**لۆكسەمبۆرگ :**

**لێپرسراوێكی ئەورووپای یەكگرتوو بە جەماوەری بێكاری وت :**

**_ ئێمە لە هەوڵدان و باسكردنی خۆمان ناكەوین، بەڵام هیچ جۆرە پەیمانێكتان پێ نادەین.**

**كرێكارێكی بێكار وەڵامی دایەوە :**

**_ باسكردنی بێ سەمەر بەس نییە؟ كارمان پێ بدەن، كار .**

**بەریتانیا :**

**فرانك لانیگانی ڕێبەری كۆڵهەڵگرە مانگرتووەكان، وتی :**

**_ ئامێری فاكسەكەمان بە هۆی كاركردنی بەردەوامی و وەرگرتنی پەیامی پشتیوانی، و هەواڵی ئاكسیۆنە جۆراوجۆرەكانی كرێكارانی جیهان بۆ بەرگری و هاودەنگی لە ئێمە بەرپایان كردووە، سووتا .**

**ئەریتریا :**

**كرێكارێكی خانەنشین كراو، وتی :**

**_ ئیتالییەكان هاتن و پێیان وتین:**

**بخۆن و بخۆنەوە و قسە بكەن .**

**ئینگلیزەكان هاتن و پێیان وتین :**

**بخۆن و بخۆنەوە و قسە مەكەن .**

**ئەسیوپییەكان هاتن و پێیان وتین :**

**نەبخۆن و نە قسە بكەن .**

**دەسەڵاتدارانی خۆولاتیش پێمان دەڵێن :**

**نە نان هەیە نە ئاو, قسەیش بکەن دەتانگرین !!؟**

## خێروبێری مەلا !

**والییە دەم بۆگەنەکەی شاری خەرتوم _ سودان , چەند بڕیارێکی لە دژی ژنان دەرکرد :**

**_ لە ئاهەنگی ژن هێنان و بۆنەکاندا نابێ ژن و پیاو تێکەڵ بن .**

**_ لە ناو پاسدا نابێ ژن بەرامبەر پیاو دابنیشێ .**

**_ لە ئۆتۆمبیلدا ژن نابێ لە کورسی تەنیشت شۆفێرەکەوە دابنیشێ .**

**_ پێویستە لە پاس و شوێنە گشتییەکاندا ئەو ئایەتانە هەڵبواسرێت کە ژن و پیاو هوشیار دەکەنەوە, بە نەزەری حەرام نەڕواننە یەکتری .**

\+ \+ \+

**لە ئەفغانستان بزووتنەوەی تالیبان یەکەم کاریان دەرکردنی چەند بڕیار بوو لە دژی ژنان :**

**_ قەدەغەکردنی خوێندنی کچان و داخستنی قوتابخانەکانیان .**

**_ قەدەغەکردنی کاری ژنان .**

**_ لە بازاڕدا نابێ ژنان بچنە ناو دوکان و کۆگاکانەوە, دەبێ لە دەرەوە چاوەڕوان بن تا پێویستییەکانیان بۆ دەهێنرێ .**

**_ چوونە دەرەوەی ژنان بە هاوڕێیەتی مێرد یان برا نەبێ نابێت .**

\+ \+ \+

ئەگەر ئاوڕێ لە رەوشی ژنانی **ئێران** و **سعودییە** بدرێتەوە, سالْ بەو عەیام گیان و رۆحیان لە ژێر مەنگەنەی بێماڤ هەمەلایەنە دەنالێنن. ئەوەی لە **ئەفغانستان** و **سودان** و دەگوزەرێ ئاوی لیخنی سەرکردە مێشك جام بووەکانی **ئێران** و **سعودییە**یە بۆ ئەمان بەجێ ماوە !

_ جا تۆ بلێی لەهەر شوێنێکی دیکەی ئەم جیهانە و لە کاتی گرتنە دەستی دەسەلأت هەمان کار دووبارە بکەنەوە, یان داهێنانی نوێ دەخەنە سەر خەرمانی ........؟!

## تەعدا ..!

رۆژی یەکشەممە۱۹۹٦/۲/۱۸ لە شاری **سلەیمانی** و لە ناو ئاپورەی دەستگیران و دۆلار و تمەن فرۆشانی سەرشەقامی **مەولەوی**, سێ کچی نەونەمام, سێ مرۆڤی کراوە و دلْ بە دنیا خۆش, بۆ کڕینی پێویستی چەژنی ئایینی ڕێگایان دەکەوێتە ئەو ناوە.

لە پڕ هەروەك تاوانێك ڕووی دابێ, ئاگر بەربوو بێ لە پووش, دەبێ بە هەلاَّ _ پێدەچێت لایەنگرانی سەدە ڕەشەکانی ناوەڕاست, دژ بە پێشکەوتن و شارستانییەت بووبێتن, شقارتەیەکییان وەشاندبێ! _ئەمان چ هەلأیەك, هەر مەپرسە!

بە جارێ لە چەند لاوە سەدەها دەمیان لێدەکرێتەوە, هەروەك عەسری بەردین بێت, بە هوها لێکردن و فیکەکێشان و قسەی ناشیرین بەرە و ڕوویان دەبنەوە, تەنانەت دەگاتە ئاستی پەلاماردان و ئیغتساب و رەجم کردنیان!!

ئەگەر چەند کەسێکی بەدەربەست و مەدەنی نەبوونایە و فریا نەکەوتنایە کارەسات ڕووی ئەدا! پۆلیسە بە ناو **سۆسیالدیموکراتەکانی یەکیتی نیشتمانی کوردستانی** ئەم دەڤەرەیش ڕاوەستابوون و بۆ بەرگری لەو سێ مرۆڤە هیچیان نەکرد !تاوانی ئەو کچانە تەنیا ئەوە بوو پۆشاکی **سترێجیان** لەبەردا بوو !!

## یاسا !

دادگایەکی شاری **بەرشەلۆنەی ئیسپانی** سزایەکی بۆ پیاوێ بڕییەوە بەم شێوەیە:

دەبێ ئەو جەنابە بۆ ماوەی دوانزە ساڵ ڕۆژانە دوانزە کاتژمێر لە نانەوخانەی کۆنە ژنەکەیدا کار بکات, لە حالێکدا ئەگەر نەیتوانی بڕیارەکە جێبەجێ بکات, ئەوا سزاکەی بۆ دەکرێ بە بیست کاتژمێر کار لە ڕۆژێکدا !

بیانوی دادگا لەسەپاندنی سزایەکی لەو جۆرە ئەوە بووە:

پیاوەکە نەیتوانیوە مانگانە ئەو بڕە پارەیە کە وەك نەفەقە بۆ ژن و مناڵەکانی بڕاوەتەوە بدات !

_ *ئەگەر پیاوانی ڕۆژهەلاتی موستەبد حوکمێکی لەو جۆرەیان بەسەردا بدرێ, دەبێ هەڵوێست و کاردانەوەیان چی بێت؟*

_ بێگومان تووشی نەخۆشی **شیزۆفرینیا** و..... دەبن .

# تەوار

لە دوای شۆرشی گەورەی **فەرەنسا** بۆ ماوەی چەند ساڵ **رۆبسپێر** دەمی شمشێر و ترس و تۆقاندن دەکاتە رووی جەماوەری ناڕازی, بۆ نموونە لە شاری **بوزوو** کەسێکی دڕ و بێناموس بە ناوی **جان تالیانەوەی** وەك جەللاد تەعین کرد بوو.

ئەو جەنابە سەدەها کەسی لە کونجی زیندانی تاریك و نووتەك خزاندبوو کە چاوەڕوانی مەرگ و سەرپەڕاندنیان بە مەقسەلە دەکرد!

یەکێك لەو زیندانیانە ژنێکی شۆخ وشەنگ بە ناوی **تیریزاوە** بوو , کە مێردەکەی لە تاو زەبروزەنگ ڕایکردبوو. ئەم ژنە توانی بە زمانی شیرین خۆی لە **تالیان** نزیك بکاتەوە, بەو کارەیش هەوڵیدا نەك خۆی لە زیندان پێ ئازاد بکا, بەڵکوو وای لێبکات کە واز لە کوشت و بری زیندانیانیشی پێ بهێنێت .

کاتی جەنابی **رۆبسپێر** بەو پێدزکەیەی ژنە دەزانێ دەستووری دووبارە گرتنەوە و لە سێدارەدانی بەپەلەی **تیریزا** دەردەکا , بەڵام **تالیان** نەك بڕیارەکە ڕەت دەکاتەوە, بەڵکوو لە پێناو خۆشەویستی **تیریزا** غیرەت دەداتە بەرخۆ و دەچێتە سەر **رۆبسپێر**, لەبەردەم گەورەپیاوانی مەجلیسدا زۆر نێرانە, دەڵێ :

_ *داوای لە سێدارەدانی **رۆبسپێر** دەکەم, ئەگەر ئێوە ناوێرن ئەوا ئامادەم ئەو کارە ئەنجام بدەم.*

+ ئەگەر ژنانی **کوردستان** هیمەتی مەردانەی لەو جۆرەیان بکردایە, بێگومان حاڵمان بە دەست زاڵمانی رەنگاورەنگەوە وا شڕ نەدەبوو...

## ئێمه

**مۆزارت** یەکێکە لە مۆسیقاژەنە بەناوبانگەکانی جیهان, وای لێدەگێڕنەوە ڕۆژێکیان قوتابیەك لێی دەپرسێت :

_ مامۆستا, دەڵێن جەنابت لە کاتی قسەکردندا لەبارەی خۆت و ئیشەکەتەوە هەمیشە وشەی « ئێمە» بەکار دەهێنیت... ئایا هۆی چییە؟

**مۆزارت** بە پێکەنینەوە , دەڵێت:

*_ ئەوەی ئاشکرایە مرۆڤ ناتوانێ هیچ ئیشێك بەسەرکەوتوانە جێبەجێ بکات, ئەگەر چەند شتێك یان چەند کەسێکی ترهاوبەشی لەگەڵدا نەکەن. جا بۆ نمونە ئیشەکەی من کە مۆسیقایە, ئاشکرایە کە پەرە, پێنووس, پیانۆ, مۆسیقاژەنەکان بە خۆیان و کەرەستەکانیانەوە, هەروەها هەوا و دەنگیش هاوبەشییەکی تەواوی تێدا ئەکەن, جا ئایا چۆن ویژدانم ڕازی دەبێت هەر ناوی خۆم بهێنم و لەوانەی باسم کردن خۆ جیا بکەمەوە !*

## گرۆنیکا

لە ساڵی١٩٣٧ دا چەند فرۆکەیەکی فاشیزمەکان بە شێوەیەکی زۆر دڕندانە شاری « **گۆرنیکا**» ی **ئسپانییان** بۆردومان کرد! ئەو ڕووداوە بووە هەوێنی تابلۆیەکی مەزنی هونەرمەندی جیهانی « **پاپلۆ بیکاسۆ** » . لە جەنگی جیهانی دووەمدا شاری **پاریس** بەدەست لەشکری **ئەلمانییە** فاشیستەکانەوە دەبێت, ڕۆژێکیان ژمارەیەك ئەفسەر دەچن بۆ

ماڵەکەی **بیکاسۆ** وتابلۆی **گۆرنیکا** سەرنجیان ڕادەکێشێ, ئەفسەرێکیان لە هونەرمەند دەپرسێ:

_ ئەم تابلۆیە تۆ دروستت کردووە؟

_ *نەخێر, بەڕێزینە ئێوە دروستتان کردووە !*

## بەراورد ...

لە **رووسیای** قەیراناوی ژێر چەکمەی **بۆریس یەلسیندا**, ساڵی ١٩٩٤, (٥١٤) جار مانگرتن بەرپابووە. ساڵی١٩٩٦ژمارەی مانگرتنەکان چەند ئەوەندە بەرزبۆتەوە و خۆی لە٨٣٠٠جار داوە . پێنج هەزار مانگرتنیان تەنیا بەر مانگی دووەمی هەمان ساڵ کەوتووە .

بە پێی ئاماری سەندیکای کرێکارانی سەربەخۆ ژمارەی کەسانی مانگرتوو بە ٢٠ملیۆن و ٨٧٤هەزار مەزەندە کراوە . شەرەف پێشڕەوایەتی زۆربەی زۆری ئەو مانگرتنانە بەر کرێکارانی خەڵوزی بەردین کەوتووە . لە کۆی ١٠٠ ٠کان تەنیا شەشیان لەو مانگرتنانەدا بەشدارییان نەکردووە .

ئەگەر خەمخۆرێ یان هەر کرێکارێك لەو چەند دێرەی سەرەوە ورد بێتەوە و سووکە بەراوردێك لە نێوان **کوردستان** و **رووسیادا** بکات, دەبینێ لە خاڵی ئەوەی هەردوولا قەیراناویین هاوبەشن , بەڵام **کوردستان** لە خاڵی مانگرتندا لەگەڵ **رووسیا** یەك ناگرێتەوە, عیلەتەکەیشی ئەوەیە :

لە **کوردستان** مانگرتن و نارەزایەتی نەك کەمە بەڵکوو لە نرخی نەبووندایە, هۆیەکەی بە پلەی یەکەم بۆ بەهرەمەند نەبوونی چین و توێژە

كۆمەڵایەتییەكان لە ئامرازە سەربەخۆكانی _ بە مانای تەواوی وشە _خۆ ڕێكخستنی وەك **سەندیكا** و یەكێتی و... دەگەڕێتەوە .

ئەوەی تا ئێستا بووە ڕێكخراوی فلاَن و فیسار پارتی ڕاست و چەپ بووە , دیارە ئەوانیش هێندەی بە تەنگ بەرژەوەندی تەسكی پارتەكەی خۆیانەوە بوون نیو هێندە ئاوڕیان لە بەرژەوەندی هاوبەش و گشتی چین و توێژەكان نەداوەتەوە ؟

ئەگەر هەوڵێكیش بۆ پێكهێنانی ڕێكخراوەی سەربەخۆ درابێت, ئەوا لە چاو ڕێكخراوەی پارتەكاندا هیچ نەبووە, بە لاوازی و مەحدوودی گوزارشتی لە خۆی كردووە, خۆ ئەگەر گەلەكۆمەی لێنەكرابێ ئەوا هەوڵی ئیحتوا كردنی دراوە...

## ماو– ی سۆشیال عەشایەر !

**ماوتیستۆنغی** ڕەحمەتی گۆڕی پڕ لە نوور بێت, وەك ڕابەر و كەسایەتییەكی **كۆمۆنیست** و شۆڕشگێر ناوبانگی دەركردووە, تا ڕادەیەكیش بۆ خۆی هەروا بووە. ئەو پیاوە بە هەوڵ و تێكۆشانی بێوچان توانی ولاَتێكی قەڵەباڵغی شارەمێرووڵەئاسا و دواكەوتووی وەك ولاَتی چین لە زۆر كۆت وبەند دەربهاوێنێ و بەرەو ژیانی شارستانی ببات, هەر بەو هۆیەوە مەگەر نەیارە جۆراوجۆرەكانی ئەگینا بۆ سالاَنێكی زۆر لە جیهاندا خۆشەویستی هەمووان بووە.

بـەڵام مایـە و جێـی سەرسـووڕمانی فـرە زۆر دەبێـت کـە پیاوێـکی پێشکەوتووی وا بە وێنەی سیاسەتمەدارانی وڵاتانی دواکەوتووی میدیتەرانە و...ناوزەد بکرێ و بشوبهێنرێ بە سۆشیال عەشایەر ؟

لـە دنـیای هاوچـەرخی ئەمـرۆدا وا جێـکەوتووە گـرووپ و پـارت و کەسـە **کۆمۆنیستییەکان** نـەك بڕوایان بە ئازادی تـەواو و هەمەلایەنە بە تایبەتی لە مەسەلەی ژن و ژنخوازیدا هەیە , بەڵکوو خـەباتی شێلگیرانەیان لـە پێناویدا کردووە و لە دژی هەر جۆرە کۆت و بەندێکی دواکەوتووانە ڕاوەستاونەتەوە .

کەچی ماوی فرە بەڕێز لـەم پەرەگرافە حەساسەدا نوشستی هێناوە و بە پێچەوانەوە ڕەفتاری کـردووە, لـە مـاوەی دەسەڵات و فەرمانڕەوایەتییەکەیدا ئـەو کـارەی کـە ئیمپراتۆر و دامودەزگـای کـۆن پڕکێشـی جێبەجێ کردنـیان نەکردووە و چاویان لێ خافڵ کردووە, ئەم وێراوییەتی ئەنجامی بدات .

ئـەو جەنابـە ڕووی کۆنەپەرسـتانی سـپی کـردۆتەوە, دژی بەسـتنی پـەیوەندی خۆشەویسـتی نێـوان مـرۆڤان بـووە, لـە یـەکێ لـەو بڕیارانـەی دەریکردووە, ئاوا هاتووە :

***کچ و ژنـان بۆیان نییە ئازادانە و بە دڵخوازی خۆیان لەگەڵ کور و پیاوانی بێگانە و غیرە وڵاتیدا ئیزدواج بکەن, تەنانەت ئەگەر هاتوو ئەو کور و پیاوانە کۆمۆنیست و دانیشتوو و نیشتەجێی وڵاتی چینیش بن ؟!***

## ناوت چییە فەتحوڵڵا, ئیشت چییە ماشاڵڵا !

کۆبوونـەوەم هـەبوو, دەبوایـە لـە کـاتی خۆیـدا بگەیشـتمایەتە شوێـنی دیاریکـراو, دەسـتم لـە هـەر تاکسـییەك ڕادەگـرت, بـۆم ڕانەدەوەسـتا , ناچـار

گەڕامەوە ماڵ و هەر بۆ تاقیکردنەوە جلوبەرگی ئاخوندیم داکەند و چاکەت و پانتۆڵم لەبەر کرد و چوومەوە هەمان وێستگا، کە دەستی ڕاگرتنم لەیەکەم تاکسی ڕاوەشاند، بێ سێودوو تاکسییەك بۆم ڕاوەستا. تاکسییەکە کەوتە جووڵە، شۆفێرەکە لە ئاوێنەکەیەوە دیقەتی ڕیشی درێژ و پانی دام، پرسی:

_ *ئاخوندی؟*

_ بەڵێ.

_ *بمزانییایە، هەڵمنەدەگرتی.*

ئەو بەسەرهاتە، قسەی خودی مەلایەکی ئاخوندی کۆماری ئیسلامی ئێرانە، کە بۆ ڕۆژنامەنووسێکی واشنتۆن پۆستی گێڕاوەتەوە. هەر لەوێ دوور ناکەوینەوە، ماوەیەکە دیاردەی ناولێنانی منالان گۆڕانێکی بەرچاوی بەخۆیەوە دیوە، لە بری ناوە تەقلیدییە ئیسلامی و عەرەبییەکانی وەك عەلی، حوسێن، عەباس،... ناوی کۆنی فارسی سەریهەڵداوەتەوە.

سەیرە و سەیریش نییە، بە پێچەوانەی ئێرانەوە، لە باشووری کوردستان و بە فیت و بەرتیلی پارتە ئیسلامییەکان، ئاڵاهەڵگرانی ئایدۆلۆژیای داگیرکەران، خانەوادە و هەژارانی لادێ و گەرەکی قەرغ شارەکان هاندەدەن ناوی عەرەبی_ ئیسلامی لە منالانیان بنێن !!؟